KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
25-7-2007 16:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی.. بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێت! ... ئارام سەدیق محەمەد**

سڵاوت لێبێت قاسم عەزیز، ئارێز گۆرانەکەی دوێنێ!نازانم بۆ پێشتر ناوت ئارێز بوو، ئێستا ناوت قاسمە؟کامیان ناوی ڕاستەقینەی خۆتە!من ئەوە بە مافێکی ڕەوای خۆت دەزانم ومافێکی سروشتی رۆژنامەوانیە کە کەسێك ناوی خوازراوی هەبێت، جا هۆیەکەی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان هەر هۆیەکی تر بێت وەك حەزی نووسەرەکە خۆی... بەڵام ئەوەی جێگەی داخە تۆی گەندە نووسەر ئەومافە بە خۆت ڕەوا دەبینیت و بە کەسیتری ڕەوا نابینیت!داوا دەکەیت ئەوەی لە سەر گەندەڵیەکانی وەزارەت دەنووسێت با ناو وناونیشانی خۆی ئاشکرا بکات، تا ئێوەش لە ژێرەوە پیلانی بۆ دابنێن، بە تایبەتی گەر کەسەکە فەرمانبەری وەزارەتی تەندروستی بێت، نموونەی ئەوەمان هەیە قوربان، بەڵام جەنابت چاوت کزەو تەنها بەرژەوەندیەکانی خۆت دەبینیت، ئەگینا کەسێکی بوێری وەك د. بەڵین بوە وێنەو ناوی خۆیەوە بابەتی نووسی ئەوە ئێوە بوون بە ناوی خوازراوەوە وەڵامتان دەدایەوە، هەربەمەش نەوەستان بەڵکو زۆر بێشەرم وبێئەدەبانە بە ئاسایشی سلێمانی داتان بە گرت، چوار ڕۆژ بێ مەحکەمە وەك حوکمی قەرەقوش زیندانیتان کردو بەدەست بەدەستراوی لە شاری کۆیە گێڕاوتان، تاکو بەخەڵك ڕابگەیەنن ئەوەی قسە لەسەر ئێوە بکات ئەمە چارەنووسیەتی!ئەمەیە ئەخلاقیاتی وەزیرەکەتان کە 16 ساڵ لە ئەرِوپا بووە. تۆ کە ماوەیەکی زۆربوو لەژێر ناوی خوازراو کارت دەکرد، بۆچی گلەیی لە کەسێکی تری هاوشێوەی خۆت دەکەیت؟دەتەوێ هەموو ئەوانە خۆیان ئاشکرا بکەن و وەزیرەکەشتان ئاسایشان بنێریتە سەر!ئەوەندەی ئێوە گرنگی بە ناوی نووسەرەکە دەدەن ئەوەندە گرنگی بە باتەکان نادەن، چونکە دەتانەوێت لە بابەتەکان ڕابکەن و وا لەخەڵك بگەیەنن، ئەوانەی لەسەر وەزارەت دەنووسن کە سانی گەندەڵن وچاویان بەم وەزارەتە پاکو بێگەردە هەڵنایەت!بۆ نموونە تارا خۆشناو کە خۆی کارمەندیکی پێشووی وەزارەتی تەندروستی هەولێر بوو بە ئارەزووی خۆی بەر لە هاتنی د. زریان لە وەزارەت ڕۆیشت، ئێستا ئێوە ئەوەندە بەدوای ناوەکەی دەگەڕێن ئەوەندە خەریکی بابەتەکانی نین، وا دەزانن ئەو تارا خۆشناوە پیاوەو برای محەمەد خۆشناوی کۆنە وەزیری خۆتانە !سڵاو لە عەقڵتان کە وانیە!ئێوە تا ڕادەیەك گەندەڵن، لە جیاتی تاراش شت دەنووسن و بە ناوی ئەو بڵاوی دەکەنەوە و داوای لێبوردن لە وەزارەتی تەندروستی دەکەن، ئای ئەم شێوازە چەند لە هی حیزبی بەعس نزیکە!!

تۆ خۆت ڕابردووی خۆت دەناسیت، کەوا ڕۆژێك پارتیدەسەڵاتدارە دەبی بە پارتی ودوایش بەر لەوەی دەست لە پارتی بکێشیتەوە فۆرم بۆ یەکێتی پڕ دەکەیتەوە!کەس نازانێت مەبەستت لەمە چیە؟

من حەز دەکەم لێرە قسە لەسەر ئەو ڕاپۆرتە بکەم کەگوایە وەڵامی ئەو کەسانەی پێ دەدەیتەوە کە لەسەر وەزارەت دەنووسن و دڵی وەزیرە بێخەبەرەکەتی پێ خۆش دەکەیت، ئەی ئەو ڕاپۆرتە چەند شەرمەزاری تێدایە و تۆش دەتەوێت گێلانە چەواشەکاری بکەیت، کە من بە پێویستی دەزانم هەندێك باسی ئەو ڕاپۆرتە بکەم تاکو تۆو وەزیرەکەت زۆر دڵخۆش نەبن، بەڵام لە سەرەتاوە دەمەوێ ئەمە بڵێم وەزیرەکەت تەنها وەزیری دیوانی وەزارەتە و نە دەسەڵاتی لە سلێمانی دەڕوات نە لە هەولێر، باسی دهۆکیش هەرمەکە!جا وەزیرێك دەسەڵاتی ئەوەندە بێت، تەنها دەتوانێت لە کڕینی ئامێرو دەرمان گەندەڵی بکات ویەك زەرە دەسەڵاتی چاکسازی نیە بەسەر هیچ دامودەزگایەك وناتوانێت یەك بەڕێوەبەر تەنانەت فەرمانبەرێکیش بگۆڕێت، تۆ خۆت دوو ساڵ لەمەوبەر و ڕێك بەر لە چەند مانگێك لە هاتنی وەزیری نوێ لەگەڵ ڕێکخراوەکەت (ژیان) کۆنفراسێکتان لەسەر گەندەڵی وەزارەت سازدا، ئەوا خێرە لە ماوەی چەند مانگێك ئەم هەموو گەندەڵیە نەما!ئەمە لە کاتێکدا هیچ لەو کەسانە نەگۆڕاون کە ئێوە بە گەندەڵتان دانان، تەنها بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هەولێر نەبێت کەئەویش تاکە کەس بوو ئێوە زۆر بە پاکو نەزیە باستان کردو سوپاستان کرد!ئێتر ئەوە تۆی باس لە باشی وەزارەت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-7-2007 16:55 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دەکەیت... بە گەڕانەوە بۆ ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی تەندروستی دەمەوێ ئەوە بڵێم تۆ دێیت زۆر گێلانە باس لە بەراوردکردنی کوردستان بە ناوچەکانی تری عێراق دەکەیت! (هەرچەندە ئاماژەت بەهیچ سەرچاوەیەك نەکردووە، بۆیە من نازانم تا چەند ئەمانە دروستن) بەڵام عێراقێك کە غەرقی ئاژاوەو فیتنە وشەڕ بووە چۆن لەگەڵ کوردستانێکی ئارام بەراورد دەکرێت؟لە کاتێکدا زۆربەی پزیشکانی بەغدا یان کوژراون یان ڕۆیشتوونە ولاتانی تر یانیش هاتوونەتە کوردستان. تۆ لە سەرەتای نووسینەکەت بە شان وباڵی کابینەی پێنج و وەزیری نۆێ دا هەڵدەڵێیت، کەچی باس لە دەستکەوتەکانی بەر لەم کابینەیە دەکەیت، زۆربەی ئامارەکانت هی ساڵانی 1996-2006د. زریانیش لە مانگی 6ی 2006 دەستبەکاربوو!جگە لەوەش تۆ باس لە یۆنیسیف دەکەیت، کەچی ئەوەی من ئاگادارم ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی زیاتر پەیوەستە بە تەندروستی و یۆنیسیف پەیوەستە بە فێرکردنەوە، لە ڕاپۆرتەکە دا هاتووە کوتان دژی نەخۆشی سیل لە هەموو عێراق 90.6% لە کوردستان 96.3% بووە کوتان دژی ئیفلیجی لە هەموو عێراق 58% و لە کوردستان 72.2% ئەمەوچەندین ئاماری تر باس دەکات وەك ڕیژەی منداڵبوون لە نەخۆشخانە و.. هتد ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕەوشی ناوچەکانیتری عێڕاق ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی دەڕوات ناوچە هەیە هەر خزمەتگوزاری تەندروستی ناگاتێ وناوچە هەیە لە ژێر دەستی تێرۆرستانە جگە لەوەی بەشەو لە زۆربەی ناوچەکانی عێراق هاتوچۆ قەدەغەیە سەرەڕای ئەم هەموو کێشەیە جیاوازیەکان شتێکی ئەتۆ نین، کە چاوەڕێ دەکرا لەسەدا سەد ەزیاتریش بوایە، جگە لەمەش نازانم ڕیژەی چوونە قوتابخانە و کارکردنی منداڵان چ پەیوەندیەکی بە دەستکەوتەکانی وەزارەتی تەندروستیە وچ وەڵامێکە بۆ ناحەزانی وەزارەت، هیوادارم کاك قاسم تۆزێك بە خۆی دا بچێتەوە ئەگەر بۆ میژووش بێت هەندیك باس لەو گەندەڵیانە بکە وەك ئەرکێکی لەو ڕیکخراوە!!

.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.